09:44 - گۆشەگیرکردنی ئۆجالان لە فەرەنسا شەرمەزار کرا..

# بەراوردکاریی دەنگەکانی کورد لەنێوان دوو هەڵبژاردندا




11:14:59 2018-05-19

ڕۆژنیوز – دانا عومەر

کۆی کورسییەکانی کورد لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٤ دا ٦٢ کورسیی بووە، بەڵام لە هەڵبژادنی ساڵی ٢٠١٨ دا بەبێ کۆتاکان ٥٩ کورسیی بەدەست هێناوە، ڕەنگە بەکۆتاکانەوە بچێتە ٦١ کورسیی.

لەنێوان هەردوو هەڵبژادرنی ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٨ ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق چەندین ڕووداوی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا ڕوویدا، کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان پێچەوانەی ڕووداوەکان بوون و دەنگی لایەنە سیاسییەکان چاوەڕوان نەکراو بوو، بە شێوەیەک پێشبینی دەکرا لە عێراق عەبادی کە سەرۆک وەزیرانە، زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، بەدەستی نەهێنا، لە هەرێمی کوردستانیش بەهۆی ڕووداوە سیاسییەکانەوە چاوەڕوان دەکرا حزبەکانی دەسەڵات دەنگیان کەم بکات، بەڵام یەکێک لەو حزبانە دەنگەکانی زیادیکرد.

**جیاوازی نێوان دەنگی لایەنەکان لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٤ بە بەراورد بە ٢٠١٨**

## پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق

لە هەڵبژاردنی پێشوودا پارتی ١٩ کورسی بەدەست هێنابوو، بەڵام بە هاوپەیمانییەکی موسڵ و کۆتاکانەوە ٢٥ پەرلەمانتاری ناردبووە بەغدا، لەم هەڵبژاردنەدا ٢٥ کورسی بەدەست هێناوە چاوەڕوان دەکرێت بە دوو کورسی کۆتای هەولێر و دهۆک، ئەگەر بەر پارتی بکەون ڕێژەی کورسیەکانی بگاتە ٢٧ کورسی.

چاوپێکەوتن +



یوسف محەمەد: ئەم هەڵبژاردنە هاوکێشەی سیاسیی دەگۆڕێت



ژن +



1
2
3
4
5

سعودییە حەوت چالاکوانی مافی ژنانی دەستگیرکرد

وێنە



هەڵەبجە دەگەڕێتەوە بۆ سروشت.. بەوێنە

ئەوەی زیاتر خوێندراوە


ڤیدیۆی چالاکیی گەریلاکان لە بارزان بڵاوکرایەوە


ڤیدیۆی ئەو چالاکییە بڵاوکرایەوە کە ٣٤ سەربازی تورکی تێدا کوژرا


نوێترین ڤیدیۆی چالاکیی گەریلاکان بڵاوکرایەوە


٣٤ سەربازی تورک لە هەرێمی کوردستان کوژران.. نوێکراوەتەوە


١٦ی ئایار و هێرشی پارتی بۆسەر نەخۆشخانەی گەریلا بریندارەکان

| پارێزگا | ساڵی ٢٠١٤ | ساڵی ٢٠١٨ |
|---|---|---|
| هەولێر | ٧ کورسی | ٨ |
| دهۆک | ٨ کورسی | ١٠ |
| سلێمانی | ٢ کورسی | ١ کورسی |
| کەرکوک | ٢ کورسی | - |
| دیالە | - | - |
| موسڵ | - | ٦ کورسی |
| کۆی کورسی | ١٩ کورسی | ٢٥ کورسی |

چاودێران پێیان وابوو بەهۆی شکستی ڕیفراندۆم و شکستی ئابووریی سەربەخۆوە، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ژمارەی کورسییەکانی پارتی کەم بکات، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونەکانەوە دەنگەکانی زیادی کردووە.

## یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

| پارێزگا | ساڵی ٢٠١٤ | ساڵی ٢٠١٨ |
|---|---|---|
| هەولێر | ٤ کورسی | ٢ کورسی |
| سلێمانی | ٦ کورسی | ٨ کورسی |
| دهۆک | ١ کورسی | |
| کەرکوک | ٦ کورسی | ٦ کورسی |
| موسڵ | ٢ کورسی | ١ کورسی |
| دیالە | - | ١ کورسی |
| کۆی گشتی | ١٩ کورسی | ١٨ کورسی |

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٤ دا ٢١ پەرلەمانتاری لە بەغدا هەبووە، کە ١٩ کورسی بەدەست هێناوە و یەک کورسیشی لە هاوپەیمانیەک لە دیالە بەرکەوتووە، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا یەک کورسیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کەم کردووە لەو کورسیانەی بەدەستی هێناوە، پێناچێت هیچ کورسیەکی دیکەی بەربکەوێت، چونکە هیچ هاوپەیمانێتیەکی نییە، بەو پێیەش سێ کورسیی کەم کردووە.

## بزوتنەوەی گۆڕان

| **پارێزگا** | **ساڵی ٢٠١٤** | **ساڵی ٢٠١٨** |
|---|---|---|
| **هەولێر** | **٢ کورسی** | **١ کورسی** |
| **سلێمانی** | **٧ کورسی** | **٤ کورسی** |
| **دهۆک** | **-** | **-** |
| **کەرکوک** | **-** | **-** |
| **دیالە** | **-** | **-** |
| **موسڵ** | **-** | **-** |
| **کۆی گشتی** | **٩ کورسی** | **٥ کورسی** |

نی بزوتنەوەی گۆڕان چوار کورسی کەمی کردووە کە یەک کورسی لە هەولێر و سێ کورسی
لە سلێمانی




گەڕان گەڕان
01 01 2018 01 01 2018
کات

لە سلێمانی.

### یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

| پارێزگا | ساڵی ٢٠١٤ | ساڵی ٢٠١٨ |
|---|---|---|
| هەولێر | - | |
| سلێمانی | ٢ کورسی | ١ کورسی |
| دهۆک | ٢ کورسی | ١کورسی |
| کەرکوک | - | - |
| دیالە | - | - |
| موسڵ | - | - |
| کۆی گشتی | ٤ | ٢ کورسی |

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش دوو کورسی لە هەولێر و سلێمانی کەم کردووە.

### کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

| پارێزگا | ساڵی ٢٠١٤ | ساڵی ٢٠١٨ |
|---|---|---|
| هەولێر | ٢ کورسی | ١ کورسی |
| سلێمانی | ١ کورسی | ١ کورسی |
| دهۆک | - | - |
| کەرکوک | - | - |
| دیالە | - | - |
| موسڵ | - | - |
| کۆی گشتی | ٣ کورسی | ٢کورسی |

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان یەک کورسی کەم کردووە لە پارێزگای هەولێر.

لەم هەڵبژاردنەدا دوو هێزی نوێ لە هەرێمی کوردستان دەرکەوتن، کە بریتیبوون لە لیستی نەوەی نوێ کە لە تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان و جوڵانەوەی نەوەی نوێ و بەرەی دیموکراسیی گەل پێک هاتبوون، ئەم هاوپەیمانیە چوار کورسی بەدەست هێناوە کە دوو کورسی لە سلێمانی و دوو کورسی لە هەولێر-ە، هەروەها هاوپەیمانی بۆ دیموکراسیی و دادپەروەری، کە لەلایەن بەرهەم ساڵح، سەرکردایەتی دەکرا دوو کورسی بەدەست هێناوە یەک کورسی لە هەولێر و یەک کورسی لە سلێمانی.

لە پارێزگای سەلاحەدین-یش (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ، هاوپەیمانیی بۆ دیموکراسیی و دادپەروەریی) یەک کاندیدیان هەبوو لە لیستی هاوپەیمانی نەسر، کە حەیدەر عەبادی سەرۆکایەتی دەکات، ئەویش سەرکەوتنی بەدەست هێنا و کورسییەکی دیکە بۆ کورد زیادبوو.

ئەم ئەنجامەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کاتێکدایە کە شەش لایەنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لیستی نەوەی نوێ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕەت دەکەنەوە و داوای دووبارە ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکەن.



لیستی نەوەی نوێ لەیەکەم هەڵبژاردندا ٤ کورسی مسۆگەر کرد



شاندێکی ڕۆژئاوا بەشداریی لە پرسەی عادل موراد دا کرد

بەراوردکاریی دەنگەکانی کورد لەنێوان دوو هەڵبژاردندا



ژیان و هەڵوێستەکانی عادل موراد بزانە



ئەمڕۆ ساڵیادی کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفایە



هاوڵاتییانی ئێران و ڕۆژهەڵات هاوخەمی بنەماڵەی ڕامینن




هێشتا پۆستی پارێزگاری هەڵەبجە بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێت

حکومەتی تورک ماڵی ئێزدییەکان دەڕووخێنێت

تەقینەوەیەک لە خانەقین ڕوویدا

## پەیوەندی


| | |
|---|---|
| Korek | : +964 7508749379 |
| Asia | : +964 7718835920 |
| Normal | : +964 533361295 |
| Email | : rojnewsso@gmail.com |


ROJnews
خستنەرووی ڕاستییەکان ئەرکی ئێمەیە

Copyright 2015 . Hemû mafên portala ROJNEWS Ajansa Nûçeyan a Roj hatine parastin ©